عەبدوڵڵا سەمەدی

## زیندەوەر

کە لە سەر تەوێڵی شۆڕەکاتێکی نوستوودا جێ‌پێی گنجی شۆلاوکە دەبینم، خوڕەی ئاو و بڵقەی بازرقە دەبیسم و لە پشت دڕووی تۆزگرتووی مژۆڵەکانمدا، دەشتێکی بژوێن و باسەڕەیەکی فێنك بەدی‌دەکەم. کە حەریری گەڵایەکی سەوزیش بە جۆلانەی شلکەنەمامێکی پاراوەوە دەبینم، ئێسکبەندی پەنجەکانی دوو باسکی خواروخێچ بە لەشی کۆتەرەدارێکی گرۆێوە سەیر دەکەم کە بە سیحری جادووگەرێکی ڕەشپۆش لە جەنگەی سەمایەکی چەمەریدا بووە بە بەرد و بۆ نەمامێکی سەرسەوزی داوێنی چیا بووە بە پەند.
لە ڕابردووی دەنگی خنکاوی هەر گریانێکدا، تریقەی زەنگۆڵەی قاقایەك دەبیسم و لە داهاتووی بریقەی شادی هەر چاوێکی شینیشا، دەنگدانەوەی دڵۆپەی وەرینی فرمێسکێکی لێڵ لە گوێما دەزرینگێتەوە.
لە خۆڵەمێشی پەستێوراوی کوانوویەکی سارد و سڕدا، تینی سەمای بڵێسە هەستپێدەکەم و لە کڵپە و گرفەی هەر ئاگرێکی بەهەڵمەتیشا قرخەی ئاویلکەی کۆلکە ڕەژوویەکی حەسرەت دەبیەم.
***چ پەردەیەکی سیحراوییە زەمان و چ دێوجامەیەکی هەزار ڕەنگە ڕۆژگار! چ کورتە تەمەنی ڕێژنە و چ درێژە پرچی غەمەکانی شۆڕەبی! چ بەختەوەرە بەرد و چ بەختیارە قەت نەبوو! چ بێ‌سەر و شوێنە دار و چ سیاچارە زیندەوەر!!***